بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

خوێنەری بەڕێزو هێژا: فەرهەنگی زمانی کوردی لەبەر چەندین هۆکاری سیاسیو مێژوویو کۆمەڵایەتی،نەتوانراوە شێوەیەکی چاك (وەك هەموو گەلانی دنیا) لە مێژوودا کۆبکرێتەوەو هەڵبگیرێت.

هەروەها دەست تێوەردانی سیاسیو دابەش کردنی کوردستانو سنور دانان لەنیوان دیالێکتەکانداو، وای کردووە هەر کوردێك تەنها ئاگاداری لەهجەی خۆی بێتو، بەم جۆرە دەبینین هەگبەی ووشە دانی کوردی لە زۆر لاوە لێی قەوماوە، بۆیە پێویستە لەهەولی قەرەبۆکردنیدا بین، بەوەی کە هەموو شێوازەکانی ئاخافتنی کوردی، کۆبکرێتەوەو سەرتاسەری هەوڵ بدرێت لە ووشەی بێگانە بژار بکرێتو لە جێیدا ووشەی ڕەسەنی خۆماڵی دابنرێت، نەك بە ناوی پێشکەوتنەوە بە ووشەی زەبەلاحی دەرەوە ئەوەندەیتر زمانی کوردی نامۆ بکرێت.

بێگومان ئەگەر لەهجەکان پێکەوە ئاوێتە بکرێت،زمانەکەمان دەوڵەمەند دەبێت، بۆ نمونە (زمانی



عەرەبی زۆر دەوڵەمەندە)، کاتێك دەوترێت شێر لە عەرەبیدا زیاتر لە (100) ناوی هەیە، دەبێت بزانین هەریەکە لەو ناوانە تیرەو هۆزێك بۆی داناوە، فەرهەنگی زمانی عەرەبیش هەموویانی لە ئامێزی خۆی گرتووە.

بێگومان لای خۆشمان چەند زانایەکی وەك شێخ محمدی خاڵو مامۆستا هەژار، لەم ڕووەوە زۆر خۆیان ماندوو کردوو فەرهەنگی کوردیان لەهەموو جۆرە زاراوەکانی کوردی داناوە.

ئێمەش بە پێویستمان زانی لەناو دەیان هەزار ووشەی هەمبانە بۆرینەی هەژاردا (300) زاراوە بۆزمانی گوتارو نوسینی ئەم ڕۆژگارە هەڵبژێرین.

لە ڕاستیدا فەرهەنگەکەی مامۆستا هەژار هێندە گرنگە، هەق وایە هەموو کوردێك لێی بەهرەمەند بێت،لەبەر ئەوە هەستاین بە گوڵبژێرێك لە هەمبانەدا، بۆ ئەوەی بە سانایی (لە دوو توێی نامیلکەیەکدا) بەر دەستی هەموو خوێنەرێکی ئازیز بکەوێت.

**هەتاو محمد صالح**

1999/2/10

**ئاپۆ / ئاپ:** بۆ بانگ کردنی مام دەڵێین.

**ئاپۆرە/** بەڵا ، بەسەرهاتی خراپ ، تەگەرە.

**ئاتاج/** چاو لە کۆمەك ، هەژار ,نەدار ، موحتادج.

**ئاران/** بنکەی ژیانی زستانەی کۆچەران ، ئەرەسێر.

**ئاری/**1- نیشتەجێ ، بەرامبەر کۆچەر ، 2- کۆمەك ، یاریدەدەر، هاریکاری ، 3- ڕەسەنی قەومی ئاری.

**ئاشکرا/** خویا ، دیاری ، بەرچاو ، ئاشکار.

**ئاستەم/** 1- کەمۆکە ، بەحاڵ ، کەمترین ئەندازە.2- دژوار.

**ئاستەنگ/** جێگەی سەخت.

**ئاقار/** 1- شوێن ، جێگە 2- دەوروبەر 3- مەڵبەند و ناوچە.

**ئاکار/** خورەوشت، کردەوە.

**ئاکام/** -دوماهی ، دوای ، پاشینە.

**ئاوێزان/** هەڵواسراو ، خۆپێوە هەڵواسین.

**ئاوێزە/** ئاوێز ، چلچراو ، بپلەو خسلی ژنان.

**ئاوبەر/** کێوێکە لە باشوری شاری سنە.

**ئۆردو/** لەشکر.

**ئەشک/** فرمێسك ، ئەوین.

**ئەغیار/** 1- بەهۆشی ، دژی سەرخۆش 2- بێگانە ، بیانی.

**ئەفسون/** جادو ، سیحر.

**ئەمەک/**1- ڕەنج و ئەرك،زەحمەت کێشان

**ئەنتیکە/** 1- کەم وێنە 2- کەل و پەلی زۆر.

**ئەندیش/**1- بیرکردنەوە 2- ترس.

**ئەوین/** ئەڤین ، دڵدار.

**بابردە/** 1- بابردو ، بەفیڕۆ چوو 2- تەواو ڕوت و نەدار.

**باپیڤ/** قسەزلی ، هیچ کارە ، خۆهەڵکێش ، بێ هونەر.

**باربۆ/** یارمەتیدانی هەژار ، پەك کەوتە بە ماڵ و پوڵ لەلایەن هاوسێ و هاو ماڵانە.

**بارست/** ئەستوری و بڵندی.

**بانو/** 1- دەشتی بەرز 2- کەیبانووی ماڵ ، ژنی بەڕێز.

**بایس/** هۆ ، سەبەب ، بای.

**بروسک/** 1- چەخماخەی هەور 2- تەزووی بەژان 3- بریقە.

**بریکار/** وەکیل ، نایب.

**بزاڤ/** جووڵە.

بنیات/ بنەڕەت ، بناغە ، سازدان.

بۆران/ تۆف ، کرێوە.

بۆسە/ کەمین.

بەرپا/ دامەزراندن ، بەرپاکردن ، سازکردن.

بەیداخ/ ئاڵا.

پاشتیڵانە/ سێ ڕۆژانەی بووك هێنان.

پاکانە/ تۆمەت لابردن.

پاکیزە/ پاك ، خاوێن.

پڕژ/ بڵاو ، پەرژ ، پەرێشان ، پەرش.

پڕشنگ/1- تیرۆژ، تیشکی خۆر 2- پرشکەی ئاگر 3- پریشك.

پڕوشە/ وورده وورده هاتنی بەفر بۆ زەوی.

پریاسکە/ بوخچە لە دەسرۆکە.

پسکە/1-سرکە، قسەبەدەنگی نزم 2- پارێزی راوکەر بۆ نێچیر.

پشک/ خونچەی گوڵی دار 2- کلۆی بەفر 3- پسوڵەی خۆو بەخت 4- بەش و پار 5- پریشکی ئاو.

پلار/ قسەی بە توێکڵ 2- نانەو سەرکۆنە.

پەرستار/ یاریدەدەری نەخۆش ، خەم خۆرو ئاگاداری نەخۆش.

پەرسف/ وەڵام ، جواب.

پەروا/ پاك ، ترس ، سڵ کردن.

پەروانە/ پەپولە.

پەرواز/ فڕین.

پەرۆش/ غەم ، داخی دڵ.

پەیڤ/ قسە ، وتە.

پەیڤین/ قسەکردن ، وتن، ئاخافتن.

پیتاك/1- باج و خەراجی دەوڵەت ، 2- باربو ، کۆمەکی ماڵی کۆکردنەوە.

پـیـو دانگ/ ئەندازە ، ڕێو شوێن ، دەستور.

تابور/ دەستەیەکی هەزار کەس لەشکر ، فەوج ، هەنگ.

تافە/ 1- گۆڕەو هاژەی ئاو و بای بە هێز 2- هەڵدێر ، تاڤگە.

تالوکە/ هیلاك ، جێگەی مەترسی.

تاو/1- تیشکی هەتاو 2- ڕێژنەی باران 3- کاتێکی کەم ،دەمێکەم 4- غاردانی توند 5-سوێو ئارەزوو ( لەتاوی تۆ زۆر عاجز بووم ) 6- ترس ( لە تاوان دڵی تۆقی )، 9- توندو تیژی گەرما.

تروسك/ 1- بریقە ، درەوشان ، درەوشە 2- چالاك.

تەبایی/ ئاشتی ، ئاسودەیی ، دنیای بێ شەڕو کێشە.

**تەتەر/** 1- پیاوی بە پێ 2- کەسێ نامە دەباو دێنێ.

**تەرز/** 1- وەك ، وەکو 2- جۆر ،نوع 3- جوان و لەبار.

**تەشەر/** تانە ، قسەی بە توێکوڵ.

**تەفرە/** 1- فریوە ، هەڵخەڵەتاتن 2- دەستاو دەست .

**تەوار/** مێچکەی باز، بازی مێینە .

**تەوژم/** توندو زۆرو هێزدار.

**تیرۆژ/** تیشکە خۆر.

**چاوڕاو/** 1- شاتو شوت ، هەڵبەستە 2- خۆ هەڵکیشان.

**خامۆش/** 1- جێگەی تەنیاو بێ هەراو زەنا 2- مرۆڤی ماتو بێ دەنگ 3- تەمرانی ئاگر

**خرۆش/** هاوارو هەراو هوریا، هەراو هۆریا.

**خشکە/** 1- هێدیو بێ چرپە ڕۆیشت 2- خزین لەسەر زەوی.

**خواجا/** 1- ناز ناوی بۆ جولەکە گاو ری دەوڵەمەند 2- نازناو
بۆ مەلاو مامۆستا 3- خاوەن دڵ 4- خەسێنراو

**خۆرسک/** دەستکردی خوا ، دروست نەکراو.

**خجڵ/** خەریك ، مشغوڵ بە کار.

**خەروار/** خەربار ، کێشێکە بەرانبەر بە سێ سەد کیلۆ.

**داب/** عادەت ، نەریت ، دامو دەستور.

**داد/** 1- هاوار 2- حوکمی ڕەوا، عەدالەت.

**داڕمان/** ڕوخانی سەر بەرەو ژێر.

**دانسقە/** کەم وێن ، نایاب.

**دانوستان/** مامەڵە ، کڕینو فرۆشتن.

**دژوار/** چەتون ، سەخت ، زەحمەت.

**دلاوەر/** ئازا ، ڕەشید ، بوێر.

**دۆز/** 1- مەبەست لە ژیاندا ، مەرام 2- تولە 3- پشکنەر.

**دەستەوا/** شت بەشتی وەك خۆی گۆڕینەوە.

**دەسکیس/** جاسوسی دز.

**دەستەمۆ/** حەیوانێ کەخوی بە خاوەنی گرتووە زوو دەگیرێ.

**دەشنێ/** 1- ئەوزێ ، بای دێ 2- دەهۆڵێ ئارەزو دەکات ( لە پێ کەوتومو نەفسم بۆ هەوا دەشنێ وەکو مندالێ / لە پیری سەرم خۆی ناگرێمن تازە پێدەگرم .

**دەڤەر/** ئاقار، شوێن ، جێ.

**دەلو/** شێت ، بەزمگێر.

**دەق/** 1- بێ کەمو زیاد 2- باری هەمیشەیی.

دێبەر/ زەمینی خواروی ئاوایی ، بەردێ.

دێوانە/ 1- گێل و نەفام 2- جۆرە دەروێشێکی شێخان.

دیمانە/ دیمان ، چاو پێکەوتنەوەی دۆست ( دیمانەت بە خێر تاسەم کردبوی ).

دوچار/ تووش بوو ، گیرۆدە.

ڕابوون/ هەستان ، بەرز بوون.

ڕاژان/ڕازان، هەژان ، جولانەوە.

ڕاپەڕین/ 1- لە پڕ بڵند بوون ، زووهەستان 2- گورج دەست بە کار بوون 3- لە نەکاو لە خەو هەستان 4- داچڵەکان، هەڵبەزین 5- ڕاست بوونەوەی گەل دژی حکومات ، شۆڕش.

ڕاز/ 1- شاخی بڵند 2- نهێنی 3- چیرۆکی کورت ، سەرگوزشتە 4- قسەی دۆستانە.

ڕازیار/ هاودەم، هاوەڵی زۆر نزیك.

ڕاشکاوی/ بە ئاشکراو بێ پێچ و پەنا.

ڕاڤە/ واتا شیکردنەوە ، ڕاژە.

ڕاگوێز/ جێ گۆرکێ.

ڕامان/ 1-مات بوون و بیرکردنەوە 2- سەر سورمان.

ڕاوێژ/1- بە خەیاڵ چوون ( بە ڕاوێژ دەبێ کەروێشك لەم ئاقارانە بێ ) 2- تەگبیرو ڕا .

ڕوپامایی/ مەرایی کەر.

ڕەبەن/ 1- سەڵت ، بێ ژن 2- گەریدەی ماڵ بە کۆڵەوە.

ڕەنگاڵە/ تیشکی خۆرە، مەلێکی ڕەنگاو ڕەنگە.

ڕانما/ شارەزا.

ڕانان/ بەر چاوی خەڵك دان، نمایش.

ڕەو/ هەلاتن، باز.

ڕەوت/ 1- تەرزی ڕۆیشتن 2- جۆری بە ڕێدا چوون 3- کێشی شیعر.

ڕەوەند/ 1- ئەوانەی گەرمێن و کویستان دەکەن، خێڵەکی .

ڕەهێڵ / 1- ڕێژنە ، تاوی باران .

ڕێباز/ ڕێگەی هاتوو چۆی زۆر.

ڕێبازگە/ مەزهەب ، ڕەوشت لە ئاین دا.

ڕێژاو/ 1- ڕێزاڤ 2- جۆری هە نجیر 3- پەرێشان و بلاو.

ڕێژو/ خەڵوز ، ڕەژی ، ڕەژو.

زرنگ/ 1- زرك ، وریا ، وشیار ، 2- دەنگی مس و زێڕو زیو .

زنار/ 1- بەردی زۆر گەورە 2- شاخ ، تیشە.

زناو/ زەمینێ کە هەمیشە تەڕوشلەوئاو دەداتەوە.

زەنگوڵ/ 1- تنۆك ، دڵۆپ 2- نرۆپکێ کێو 3- زەنگ .

زەوالْ/ نەمان ، لە بەین چون ( هەر زاڵمەی زەواڵێکی هەیە ).

ژاکان/ سیس بون ، چرچ بوون.

ژانین/ 1- ئێشان ، ئازار پێ گەیشتن 2- نەخۆش کەوتن.

ژلوق/ تێکەڵو پێکەڵو بێ سەرو بەر.

ژنەفتن/ بیستن ، بیسن.

ژوار/ ئازاریزۆر ، ژانی سەخت.

ژوان/ 1- پێك گەیشتن لە جێگەیەکی دیاری 2- چاو بە ئاستەم چوونە خەو.

ژوانگە/ جێگەی بەیەکتر گەیشتن.

ژیار/ زیندەگی شارستانیانە.

ژیوار/ 1- ڕابواردنی تەمەن 2- باری ژیان، چۆنیەتی ژین 3- بژێو.

ژیلەمۆ/ وورده ئاگری ناو خۆڵە مێش.

ژێوار/ ناو پەراوێز.

سابات / کەپر ، ماڵی کوێستانی لەچرۆ.

ساچان/ قبوڵکردن.

سارا/ چۆڵ ، بیابان.

سانا/ ئاسان ، نەدژوار.

سپێدە/ بەرە بەیان.

سرتە/ چپە.

سڵمینەوە/ ڕەوینەوە.

سۆما/ 1- ڕوناکی چاو ، هێزی دیتن 2- ئاسۆ 3- تروسکەی ڕوناکی لە دورەوە.

سەبا/ 1- بەرە بەیان ( سەبای ساڵحان ) 2- بەیانی سۆزی.

سەربار/ 1- شتێ کە لەسەر باری بارە بەر دادەنرێ 2- زەحمەتی زیادی.

شاباش/ بەخشش بە بەزمگێری زەماوەند.

شالیار/ 1- پادشای شارێك 2- ئاواڵو دۆستی شا، شایار.

شاندن/1- ناردن ، رەوانەکردن 2- چاندنی تۆم 3- بەدەم باوە بزوتن ( شەماڵی بیشانێبەخەمی کەتان

.

شانیک/ بەلگە ، شانی.

شایان/ 1- لایق ، هێژا.

شریتە/ زنجیرە.

شریخ/ دەنگی زۆر توندو لە پڕ وەك دەنگی هەورە گرمە.

شکار/ 1- ڕاونێچیر2- بەر دلان.

شکاک/ هۆزگە لە کوردستان.

**شکستە** / 1- لەشکری ڕاکردوو 2- جۆری خەت .

**شکۆ** / پایە بەرزی ، جەلال ، گەورەیی.

**شکۆفە** / گوڵی دار.

**شمەک** / شتومەك.

**شناس** / ئاشنا، ناسیاو.

**شناو** / 1- مەلەوانی 2- جۆری وەرزش .

**شنیار** / تەواو وێران.

**شونیاس** / شناسایی.

**شەبەق** / 1- ڕۆشنایی ئاسۆ 2- تیشکی سەرەتای هەتاو 3- کون لە دیوارو کوتاڵدا.

**شەتاو** / ئاوی زۆر سارد لە ئەسپ پرژاندن لە گەرمادا.

**شەنگە** / 1- جوان و لەبار 2- بەهێزو تاقەت و توان.

**شەو چرا** / چرای ڕاوی مەل لە تاریکاییدا ، چرای شەوارە.

**شیرازە** / 1- بن درونی پەڕە کتێب پێکەوە 2- ڕێزە تەقەڵی پەراوێزی لیباس.

**شێرکۆ** / بێچوە شێر ، ناوی پیاوانە.

**شیق** / 1- دەنگی لێدانی قامچی 2- زیقە.

**شێتی** / 1- ئارام 2- ئاسودەیی 2- گوڵکردوو ، پشکوتو.

**شکاک** / هۆزگە لە کوردستان.


**شکستە** / 1- لەشکری ڕاکردوو 2- جۆری خەت .

**شکۆ** / پایە بەرزی ، جەلال ، گەورەیی.

**شکۆفە** / گوڵی دار.

**شمەک** / شتومەك.

**شناس** / ئاشنا، ناسیاو.

**شناو** / 1- مەلەوانی 2- جۆری وەرزش .

**شنیار** / تەواو وێران.

**شونیاس** / شناسایی.

**شەبەق** / 1- ڕۆشنایی ئاسۆ 2- تیشکی سەرەتای هەتاو 3- کون لە دیوارو کوتاڵدا.

**شەتاو** / ئاوی زۆر سارد لە ئەسپ پرژاندن لە گەرمادا.


**عەنتیکە** / 1- شتی زۆر بە قیمەت 2- مرۆی قس 3- قسەی خۆش 4- سەیرو سەمەرە.

**عەودالّ** / عەبدالّ ، ڕەبەن ، دەروێشی گەڕیدەو بێ ماڵ.

**فام** / ئاوەز ، تێگەیشتن.

**فرستادە** / ڕەوانەکراو.

**فڕک** / 1- تەنیافڕێ 2- بزاوتنی زۆر بە پەلە.

فڕنده/ هەرچی باڵی هەیە بە حەوادا دەچێ ، باڵدار ، مەل.

فرە/ زۆر ، زاف ، زەحف ، گەلێك ، زیدە ، پڕ.

فریا/ 1-ئاریكاری،هانا 2-هاواروداد 3-گەیشتن لە كاتی خۆیدا.

فریب/ خەڵەتان ، خاپان.

فزە/ 1- فززە 2- نكە ، دەنگی بە حاڵ ، سرتەی كەم.

فەرهەم/ بەرهەم ، فەراهەم.

فەریك/ تەواو نەگەیشتوو.

ڤار/ شوێنی هاوینەی خێڵان ، هەوار.

ڤاری/ 1- تەنیا 2- نادیار.

ڤالا/ 1- بەتاڵ ، خاڵی.

ڤیان/ عیشق، خۆشەویستی.

ڤارس/ تورە .

ڤاو/ 1- دەنگی بەرز 3- ئیشاعە ، خەبەرێ كە لەناو حەشامات دا بلاّو بۆتەوە.

ڤاوەڵتی/ 1- نێوانی بەیانیو نیوەڕۆ 2- نانی بەیانی .

ڤچك/ بچوك ، چكولوكە.

ڤسر/ 1- نەزۆك 2- داری لەبەر كەوتو .

قوتار/ 1- ڕزگار ( بەفڕكە فڕك لەدەستی قوتار بووم ) 2- بڕانەوە.

قوللە/ 1- خانووی خڕو بڵند بۆ سەنگەر، برج 2- قوڵقوڵە، سەرچاوەی ئاو كە زۆری ئاوی لێ هەڵدەقوڵێ 3- ترۆپكی چیا.

قونچڕك/ 1- قورنج 2- سیخورمە.

قەتار/ 1- ریز ، سەف 2- كۆمەڵی چاوەڕێ بۆ باركردن 3- هەوای گۆرانیەكە.

قەتماغە/ پترۆك ، توێژی سەربڕین .

قەتیز/ 1- بێدەرەتان 2- داماو، گیر خواردوو.

قەڕاڵ/ پادشا.

قەرەبو/ بژاردنەوەی زەرەر.

قەرەقوش/ 1- هەڵۆی ڕەش ، 2- نازناوی پیاوێكی كاربەدەستی سەلاحەدینی ئەیوبی بووە.

قەرەقوشی/ حوكمی لاساری ، سەربەخۆ حوكم كردن.

قەزا/1- بەلا، بەسەرهاتی ناخۆش 2- قەرە بووی شتی فەوتاو.

قەقنەر/ 1- بڵدارێكی خەیاڵیە دەڵێن دەخوێنێو باڵ لێك دەدا ئاگر دەگرێو دەسوتێ 2- بریتیە لە شتی تەواو سوتاو.

قەڵبە/ 1- ددانەی سەرلێوە دیوار 2- عەیب،زەدە 3-لق 4- چقڵ ، دڕك 5- مێر مەند 6-بزماری درشت.

قەڵبەزە/ 1- شە پۆلی ئاوی چەم 2- تاڤگە 3- گوندێکە لە کوردستان بەعس وێرانی کردوە.

قەمبور/ پشت چەماو.

قەمتەر کراو/ 1- دەم بەستراو 2- بریێتی لە رژد ، رەزیل ، چکوس.

کاربین/ پسپۆر ، زانا لە کار.

کاردۆخ/ 1- ناوێکی کۆنی کوردە 2- چیایەکی بەرزە.

کاشکا/ بریا.

کاکۆ/ 1- ووشەی دواندنی برا گەورە 2- ووشەی حورمەت بۆ پیاوان 3- برای دایك . خاڵۆ.

کالیسکە/ عارەبانەی سواری سەر دا پۆشراو دوو ئەسپ ڕای دەکێشن.

کام/ 1- ئاوات ، ئارەزوو 2- ووشەی پرسیار بۆ ڕوون بونەوەی شتێ لە ناو شتاندا.

کاوان/ 1- شاخان، چیا یانی بەردین 2- چیایان 3- شانە شاخ.

کفت/ 1- شەکەت 2- جۆش خواردنی بە تەوژم.

کلو/ 1- دەنگی بەفر 2- پێچراوی خوری‌و لۆکەی خاو.

کورکان/ دەنگە دەنگی لەسەر خۆی مریشکی کڕ.

کازیوە/ بولێڵەی بەیان.

کاس/ 1- سەرتا ساو ، گێژ ، وڕ 2- هیچ نەبیس ، کەڕ .

2- پرتەوبۆڵە.

کورکە/ 1- پرتەو بۆڵە 2- ووردە دەنگی گریاناوی 3- تاسەو ئارەزووی دڵ.

کۆشیار/ 1- بەکار 2- ڕە نجدەر 3- تەقالاکەرە.

کوڵک/ هەرچی لەسەر پێست ئەڕوێ.

کۆلیار/ کەسێ کە نوسراو لەسەر بەرد هەڵ ئەکەنێ.

کەر گراڤ/ زەمینی سێ لای ئاو بێ لایەکی وشکانی.

کەژاڵ/ 1- ناسك 2- بزنە کێوی 3- ناوە بۆ ژنان 4- چاو کاڵ.

کەسک/ سەوز بە ڕەنگی گیا.

کەفتەکار/ لە کار کەوتوو.

کەل/ چیا ، کەژ.

کەلو/ 1- کڵۆی کۆلکەو پەمو 2- بورجی ئاسمان.

کەماو/ سەرچاوەیەك کە ئاوی کەمی هەبێت.

کەمەک/ تۆزێك.

کەند/ 1- قوڵکە 2- ئاو دڕ.

گریوە/ گری ، گریان.

گزنگ/ نزیك سەرەتای تاوی بەیانی.

گفت/ پە یمان ، بەڵێن.

**گوزارشت/** ڕاپۆرت ، خەبەردان.

**گوزارە/** واتا ، مانا ، نیاز لە قسەیەك ڕوون کردنەوە.

**گوشاد/** فراوان.

**گۆڤان/** 1-شایەت،ئاگادار لە ڕووداو 2- گۆڕەپانی بازی کردن.

**گۆڤەند/** بەزمو زەماوەند.

**گەواە/** کەوا ، گۆڤا ، شایەت.

**لاس/** جحێڵی جوان چاك.

**لانە/** شوێنی شەوانەی باڵدار ، کونی شێر.

**لانەواز/** 1- بێ کەس و ناز شێواو 2- ڕەبەن، ئاوارە.

**مرۆ/** 1- بنیادەم 2- پیاو ، کەسێ کاری پیاوانە دەکات.

**موخابن/** مخابن ، حەیف ، بەداخەوە.

**مەند/** 1- خاوەن 2- ئاوی ڕاوەستاوی بێ بزوتن 3- سەنگین و پشوو لەسەرخۆ.

**ناسۆر/** برینی تەشەنە کردو .

**ناکام/** بێ مراد.

**ناڵە/** کڕوزانەوە لە دەردوخەم.

**نزار/** 1- لەڕو لاواز ، کز 2- جێگەیەك لە بەرزی شاخ و کێودا کە بەر سێبەرەو کەمتر تاوی لێدەدا .

**نسار/** 1- شوێنێ کە هەتاو نایگرێتەوە 2- سێبەر.

**نڤار/** تازە داهاتوو، (اختراع).

**نکول/** پەشیمان لە بەڵێن.

**نگین/** بەخت.

**نمایش/** ڕانان ، کۆڕانان.

**نیهاد/** 1- دڵو دەروون 2- ناوە بۆ پیاوان.

**هەڵایسان/** 1- ئاگر گرتن ، گڕ تێبەر بوون 2- بریتی (شەڕو هەرا قەومان.

**هەڵ پەساردن/** 1- شتێ بە شتێکەوە پاڵدان 2- بریتی لە کارخستن و چاوەڕوان کردن.

**هەڵدێر/** 1- تاڤگە 2- جێگەی زۆر بەرزو قین لە شاخ و کێودا.

**هەڵەشە/** 1- بە پەلەو لە ڕێ لادەر 2- سەرە ڕۆ.

**هەلیسە/** 1- هەریسە ، کەشك 2- پلاو ساوار.

**هەمبانە بۆرینە/** هەمبانەیەکە لە چیرۆکی کەونارادا دەڵێن دەستیان تێکردووەو هەرچی ویستویانە تیابووەو بەدەستیانەوە هاتوە.

**هەنسک/** 1- نزگەرەی بە گریانەوە 2- هەناسە.

**هەنک/** حەنەك ، قسەی پێکەنین.

**هەوانتە/** 1- ئاوانتە 2- بە خۆڕایی 3- بێ فایدە.

**هەیام**/ عەیام ، ڕۆژگار.

**هەیتوهوت**/ 1- خرتو پرت 2- قسەی بێتام 3- شاتو شوت.

**هەیڤ**/ 1- مانگی ئاسمان 2- مانگی ساڵ.

**هێدی**/ 1- لەسەر خۆ ، سەبر 2- پشوو لەسەرخۆ.

**هێدی هێدی**/ 1- کەم کەمە.

**هێژا**/ 1- تا ئێستاش 2- زۆر بە نرخ 3- هەلکەوت ، نرخ هێنان.

**هێڤار**/ ئێوارە.

**هێڤی**/ 1- ئومێد ، ئاوات 2- تکاو ڕەجا.

**هێور بوون**/ ئارام بوونەوە.

**یەکگرتوو**/ پێکەوە هاو خەبات.

**یەلدا**/ درێژترین شەوە لە ساڵدا کە شەوی ئەوەڵی زستانە.